# ياري بكە وهێمن بە لە
# گە ل خێزانە كە ت



www.ircs.org.iq/

لەماوەی کەرەنتینەدا" و بەسەربردنی ئەو ماوەیە، کەسانی گەورە و بچوك کاتی زیاتر بەیەکەوە بەسەردەبن و یارمەتی یەکتری دەدەن، لەگەڵ ئەوەی مانەوە لەگەڵ یەکتربەدرێژایی کات رەنگە ماندووکەر بێت، و ئاساییە کە ئەندامانی خێزانەکە هەست بە بێزاری و دڵەڕاوکێ و بێ ئومێدی بکەن پاش بەسەربردنی چەند هەفتەیەك بەیەکەوە لەماڵەوە.

لەم لیستەدا، هەندێ راهێنانی تێدایە کە ئەندامانی خێزان دەتوانن بەیەکەوە ئەنجامی بدەن بۆ یارمەتیدانیان لەسەر هێمن بوونەوەو کۆبیر(تەرکیز)کردن لەسەر بابەتی تر، ئەم راهێنانە دیزاین کراوە بۆ منداڵان بەڵام گەورەکانیش دەتوانن سوودی لێ بینن، ومناڵەکان زیاتر هەست بەهاندان دەکەن کاتێ ئەبینن دایباب / باپیرانیان لەگەڵیان دەبن. ئەتوانیت ئەو راهێنانەی کە زیاتر چالاکی بەخشە لە رۆژدا بیکەیت لەگەڵ کۆبیرکردن لە سەر راهێنانی هەناسەدان و خاوبوونەوە پێش ئەوەی بخەویت، بۆ ئەوە ی هەمووان بە ئاسودەیی بخەون. ئەم چالاکییانە زۆرتەندروستن بۆ منداڵ لەهەموو کاتێدا، بەتایبەت لەئێستادا دوای تێپەڕبوونی چەند هەفتەیەك لە کەرەنتینە.

# چۆنێتی ئەنجامدانی ئەم راهێنانانە لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەت؟


ئەم راهێنانانە زۆر ئاسانن. ئەتوانین بەدانیشتنەوە ئەنجامی بدەین جا لەسەر کورسی بێت یان لەسەر زەوی بێت یان بەراکشانەوە یان بە پێوەوە یان کاتی جموجوڵکردن. هەندێ لەم راهێنانانە فرە چالاکین و هەندێکی تریان نەرم ونیانن.

هەموو  ئەوەی لەسەرتە بیکەیت یارمەتیدانی ئەندامانی خێزانەکەتە بۆ کۆبیرخستنەسەر یەك بابەت لەهەمان کاتدا ، وەك چاودێری شوێن یان جموجوڵ یان هەناسەدان و هەوڵدان بۆ مانەوەی کۆبیریان لەسەر ئەم کارە.

هەندێ جار ولە کاتی ئەنجامدانی راهێنانەکان گەورەومناڵ کۆبیریان لەدەست دەدەن. ئەمەش ئاساییە و پێوستە هانیان بدەین بۆ گەڕانەوەی کۆبیریان لەسەر بەردەوامبوونی راهێنانەکە.

# راهێنانی هەناسەدان

هەنگاوی یەکەم کەپێویستە بۆ یارمەتیدانی گەورە و منداڵ تاکوهەست بکەن بە ئارامی و کەمبونەوەی دڵەراوکێ و ترس بریتیە لەهەناسەدان بەشێوەیەکی گونجاو. ئەنجامدانی راهێنانی هەناسەدان بۆ ماوەی 10 خولەك لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەت هەموو بەیانییەك و هەموو شەوێك یارمەتی هەمووان دەدات زیاتر هەست بە ئارامی وحەوانەوە بکەن. پێویستە ئەنجامدانی راهێنانی هەناسەدان لەسەرخۆ بێت تا هەست بە گێژبوون نەکەیت.



## "فووکردنە میزەڵدان "باڵۆن"

وا بزانە سکت میزەڵدانێکە.

هەناسەیەکی قوڵ هەڵمژە لە رێی لووتەوە و لەسەرخۆ، تێبینی بکە ئەم میزەڵدانە چۆن قەبارەی گەورە دەبێت.

هەناسەکە بدەرەوە لەسەرخۆ لەرێی دەمەوە تێبینی بکە کەچۆن میزەڵدانەکە ئەچێتەوە یەك.

ئەم هەنگاوانە 10 جار دووبارەوە بکەرەوە.

# "بەلەمی ناو ئاو"

بەلەمێك لە كاغەز دروست بكە.

لەسەر پشتت لەسەر زەويەكە راكشێ.

سەرينێك بخەرە ژێر سەرت تاوەكو بتوانيت سكت ببينيت.

بەلەمەكە بخەرە سەر سكت و باڵەكانت لەتەنيشتيەوە دابنێ.

هەناسەيەكی قوڵ و لەسەرخۆ هەڵمژە لەرێی
لووتەوە، و لە رێی دەمەوە هەناسەكە بدەرەوە.

سەيری بەلەمەكە بكە چۆن بەرز ونزم دەبێتەوە كاتێ بەقوڵی و
لەسەرخۆ هەناسە دەدەيت.

ئەم هەنگاوانە 10 جار دووبارەوە بكەرەوە.



# "کوژانەوەی مۆم لەسەر کێکی ڕۆژی لەدایکبوون"

وا بزانە کێکێکی ڕۆژی لەدایکبوون و هەندێ مۆمت لەبەردەمە.

هەناسەیەکی قوڵ و لەسەرخۆ لەڕێی لووتەوە هەڵمژە.

لەڕێی دەمەوە هەناسەکە لەسەرخۆ بدەرەوە بۆ کوژاندنەوەی مۆمەکانی سەر کێکی ڕۆژی لەدایکبوونەکە.


ئەم کردارە 10 جار دووبارەوە بکەرەوە.



# راهێنانی کۆبیری و ئارامی


ئەم راهێنانە زۆر ناوازەیە بۆ ئارامکردنەوەی منداڵان کاتێ هەست بەدڵەڕاوکێ یان تورە بوون دەکەن. بەڵام ئەنجامدانی ئەم راهێنانە زیاتر چێژ بەخشە بە شێوەیەکی گشتی.

بوار بدە بە منداڵەکەت بۆ تاقیکردنەوەی هەستێك و چاوەڕێ بکە تا کۆتایی پێ دێت و برۆ بۆ هەستی دووەم. کاتی تەواو وەرگرە و رێ بە منداڵەکەت/ منداڵەکانت بدە وەسفی شتەکانیان بکەن لەکاتی بەکارهێنانی هەستەکانیان.



# "پێنج هەستەکە ئاشکرا بکە"

بەچواردەوری خۆتدا بڕوانە و تێبینی بکە وناوی بنێ:



## **پێنج** شت کە دەتوانی بیبینی.

ئەتوانی داوا لە منداڵەکەت بکەیت وەسفی هەموو شتێك بکات و چی بەدڵە تێدا.




## **چوار** شت کە دەتوانیت دەستی لێبدەیت.

داوا لەمنداڵەکەت بکە وەسفی سروشتی شتەکان بکات کاتێ دەستی لێدەدات.




## **سێ** بابەت کە دەتوانیت گوێی لێبگریت.

داوا لەمنداڵەکەت بکە کە ئەم کارە ئەنجام بدات با چاوی نوقاو بێت تاوەکو کۆبیری بۆ دەنگەکان بڕوات.




## **دوو** بۆنی جیاواز.

ڕەنگە منداڵ پێویستی بە هاتوچۆ بێت لەناو ماڵەکەدا بۆ جیاکردنەوەی بۆنەکان و ئەتوانیت داوای لێ بکەیت وەسفی بۆنەکە بکات.



## **شتێك** بتوانیت تامی بکەیت.

اوا لە منداڵەکەت بکە وەسفی تامی ئەو خواردنە بکات کە دەیخوات یان ئەتوانیت داوای لێ بکەیت قسە لەسەر جۆری ئەو خواردنانە بکات کە حەز بەخواردنیان دەکات لەم چرکەیەدا.





# "قاپی هەستەکان"

یەکێك لە قاپەکان پڕبکە لەئاو.

کەوچێکی گەورە برنجی تێبکەو بەجوانی تێکبدە لەگەڵ ئاوەکە.

ئەتوانیت روونی بکەیتەوە کە برنجەکە بیروبۆچوونە تایبەتەکانت ئەنوێنێ کاتێك ماندوو وتوڕە و بێزار بوویت. تێبینی بکە کە چۆن ئەو بیرۆکانە بە خێرایی ئەجوڵێن و قورسە بۆ کەسەکە بەروونی بڕوانێت. بۆیە ئەبینین کە زۆر ئاسانە بریاری سەرەرۆ بدەیت کاتێ کەسەکە بێزارە، چونکە دیارە بەروونی بیر ناکاتەوە. بێتاقەت مەبە ئەمە ئاساییە و بەسەر هەموو کەسێکدا دێت.

ئێستا پێویستە قاپەکە لەبەردەم منداڵەکەت دابنێت.

روونیبکەرەوە چی روودەدات کاتێ هێمن و بێ جوڵەیت بۆ چەند چرکەیەك. سەرنج بدە چۆن برنجەکە دەست بەجێگربوون دەکات و ئاوەکەش روونتر دەبێتەوە . زەینی تۆش بەهەمان شێوە کاردەکات. کاتێ هێمن دەبیت بۆ ماوەیەکی کەم، بیرۆکەکانت دەست بەجێگیر بوون دەکەن و ئەتوانیت شتەکان زۆر روونتر بینیت و لەوانەیە هەناسەدان یارمەتیدەر بێت لەم کارەدا هەر وەك چۆن لە راهێنانی فووکردنی میزەڵدان فێربوویت.

# "بڵقی سابوون"

بیهێنە پێش چاوت کە پەمپێکت هەیە بۆ دروستکردنی بڵقی سابوون.

هەناسەیەکی قوڵ لەڕێی لوتەوە وەربگرە.

بۆ ماوەیەکی کەم هەناسەت رابگرە.

بەهێواشی هەناسە لەدەمەوە بدەرەوە، واش بزانە هەواکەت پڕ کردووە لە بڵقی سابوون.

گەر هەستت بەدڵەڕاوکێ کرد" وابزانە لەگەڵ بڵقەکاندا دەڕوات.

چەند جارێك کەم ئەم کردارە دووبارە بکەرەوە و چێژ وەرگرە بەو بڵقانەی کە لەدەوروبەرت دەفڕن.



# "کیسەڵ"

دەستبکە بە جوڵاندنی پەنجەکانی پێت بۆ گەرمبوون

ئێستا. جولەی پەنجەکانی پێت بوەستێنە و کۆبیری بخەرەسەر بە گرنگییەوە. هەست بە چی دەکەیت لەپەنجەکانی پێتدا؟

دووبارە کۆبیر بە گرنگییەوە بخەرە وە سەر پەنجەکانی قاچت. هەست بەچی دەکەیت لە پێیەکانتدا؟

ئێستا وەکو کیسەڵ دەڕۆین. کیسەڵەکان زۆر هێمنن بۆیە ئەم کارە بە بێدەنگی دەکەین.


با بەهێمنی لەناو بازنەیەکدا پیاسەیە بکەین. با بزانین چۆن ئەتوانیت پیاسە بکەیت.

هەموو گرنگیت بخەرە سەر قاچەکانت و رۆشتن. هەست بەقاچەکانت بکە کاتێ بەرز ونزم دەکات. و هەست بەزەویەکە بکە ئایا زبرە یان نەرمە؟

گەر زەینت دوور رۆشت. کێشە نییە، ئەتوانی دووبارە کۆبیرت بخەیتەوە سەر پیاسەکە. و هەست بە قاچەکانت بکە کە بەرز ونزم دەبێتەوە.

ئێستا هەوڵبدە خاوتر پیاسە بکەیت وەك کیسەڵێکی بەتەمەن.

تۆ کیسەڵێکی ناوازەیت.



# "سوپاس بۆ تۆ"



بەئیسراحەت لەسەر زەویەکە دابنیشە قاچ لەسەر قاچ دابنێ یان لەسەر کورسی و پشتت بەرێکی بهێڵێرەوە و چاوت بنوقێنە.

ئێستا ئەتوانی بیر لەکارێکی باش بکەیتەوە یان بەتایبەت کە کەسێك ئەنجامی داوە بۆت وەك کاتێ هاوڕییەکت یارییەکی پێشەکەش کردوویت کە زۆر دڵت پێخۆشە یان کاتێ مامۆستاکەت پیایهەڵداوویت یان کاتێ دابیرەت ئەو خواردنەی ئامادە کردووە کە هەمیشە زۆر حەزت ێیەتی.



هەوڵ بدە وابزانیت چرکەیەکی تایبەتە، بیربکەرەوە لەکوێ بوویت و لەگەڵ کێ بوویت و هەستت چۆن بوو.

تێبینی بکە ئێستا هەست بە چی دەکەیت کاتێك ئەو کاتە خۆشەت بیر دێتەوە، لەوانەیە هەست بە خۆشی و بەئارامی لەناخدا بکەیت یان هەست بەباڵۆنێکی خۆش بکەیت لەسك و سنگ و سەرتدا.



تۆ هەست بە خۆشیەکی زۆر دەکەیت بەهۆی بوونی ئەو کەسە لە ژیاندا.

ئێستا دەتوانیت بەهێمنی بەو کەسە بڵێی "سوپاس بۆ تۆ" و پاشان ئەتوانی بە دەنگی بەرز هەمان دەستەواژە دووبارە بکەیتەوە کاتێ ئەو کەسە دەبینیت لەجاری داهاتوو.







# راهێنانی خاوبونەوە

ئەم راهێنانە یارمەتی منداڵان ئەدات بۆ کۆبیرکردن و کۆنترۆڵکردنی کاردانەوەکانیان بەرامبەر دڵڕاوکێ و دوو دڵی، بە فێربوونی رێگاکانی خاوبونەوە ئەتوانن زیاتر کۆنترۆڵی هەست وسۆزەکانیان بکەن و بەشێوەیەکی باشتر مامەڵە لەگەڵ دڵەڕاوکێ بکەن کاتێ هەستی پێی دەکەن، ئەو منداڵەی کەلە حاڵەتی خاوبونەوە دایە ئەتوانێت زیاتر بەشێوەیەکی بونیاتنەر و ئەرێنی بیر بکاتەوە، بوار بۆ منداڵان دروست دەبێت تاوەکو بوەستن و بیر بکەنەوە لەو کارانە و پاشان رەوشتیان چاك دەبێت بە رادەیەکی زۆر. و بەدڵنیاییەوە ئەم راهێنانانە زۆر بەسوودن بۆ گەورەکان و تەمەنە جیاوازەکانیش بۆیە هانت دەدەین بۆ ئەنجامدانی لەگەڵ منداڵەکانت.

یەك رێنمایی بدە بە منداڵ بۆ کاتێکی دیاریکراو و چاوەڕێی ئەنجامدانی بکە پێش ئەوەی رێنمایەکی تری بدەیتێ.



## "خاوکردنەوەی ماسولکەکان"

لەسەر زەویەکی تەخت و لەسەر پشت پاڵ بکەوە و چاوت بنوقێنە.

هەموو ماسولکەکانی جەستەت توند بکە تا چەند دەتوانیت تەنانەت ماسولکەکانی دەم و چاویشت.

پەنجەی قاچەکانت  نزیك بکەرەوە و دەستت بکە بەمشتەکۆڵە و قاچ و باڵەکانت رەق بکە وەك بەرد.

بۆ ماوەی 10 چرکە وا بمێنەرەوە.

هەموو ماسولکەکانت خاو بکەرەوە بۆ ماوەی چەند خولەکێك.

هانی منداڵەکەت بدە بۆ بیرکردنەوە لەو هەستەی کە لەجەستەی دایە کاتی ئەنجامدانی ئەم چالاکییە.



# "پشکنینی جەستە"

پشکنینێکی کەم دەکەین بۆ جەستە، بە هێمنی دابنیشە. ئەتوانی چاوت بنوقێنی یان کەمێك بیکەیتەوە، بەڕێکی دانیشە و شانت شۆڕ بکەرەوە.

هەناسەیەکی قوڵ و لەسەرخۆ هەڵمژە و بەشێوەیەکی درێژ و لەسەرخۆ بیدەرەوە.

ئێستا کۆبیربخەرە سەر بەرزترین خاڵی جەستەت واتە سەرت، دەم وچاوت، ملت و شانت، وتێبینی هەر هەستێك یان جموجوڵێك بکە یان هەر شوێنێکی تر هەستی پێ دەکەیت بە توندبوونی /شەکەتبوون.

هەست بەقۆڵ و دەستەکانت بکە.

هەست بە پشت و جەستەت بکە لە پێشەوە و هەست بەریەککەوتنی نێوان جەستەت و کورسییەکە یان سەرینەکە بکە.

ئێستا هەست بە بەشی سەرەوەی قاچەکانت بکە، و پاشان بەشی خوارەوەش و پاشان پێکانت. بزانە چ شوێنێکی دیاریکراوی جەستەت زیاتر بەهێزە یان خاوبوەتەوە.

جەستەت بپشکنە تاوەکو بزانی چ شوێنێکت پێویستی بەهەستکردن هەیە.

ئێستا بەتەواوەتی هەست بە جەستەت بکە کاتی هەناسەدان و خاوبونەوە.

ڕاهێنانەکە تەواو بکە بە هەناسەدانێکی قوڵ و لەسەرخۆ و دانەوەی بەتەواوی ولەسەرخۆ.



## "سوپەرمان"

قاچەکانت لەیەکتر دووربخەرەوە زیاتر لەرانەکانت.

دەستت بکە بەمشتەکۆڵە.

باڵەکانت بەرەو ئاسمان بەرزبکەرەوە.

لاشەت بکێشرەوە چەندە دەتوانیت.

باڵەکانت داگرە وئەو کارە دووبارە بکەرەوە.

10 جار ئەم کارە دووبارە بکەرەوە و تێبینی بکە هەستت چۆنە.

# چالاکی پاڵپشتی وزە

منداڵان بە سروشت خۆیان پێویستیان بە جوڵە و دەرپەڕاندنی ووزەکانیان هەیە لە رۆژدا. و بۆ یارمەتیدانی منداڵەکانتان بۆ گێڕانەوەی کۆبیریان. بەشداریان پێ بکە بۆ ماوی چەند خولەکێك لەچالاکیەکی جەستەیی لە رۆژدا. ئەم راهێنانانە یارمەتی منداڵان دەدات بۆ باشترکردنی کۆبیریان و بەهێز کردنی هزریان، و زیادکردنی رێزی خۆد و بەرەوپێشبردنی کرداری فێربوون و لەوانەیە ئەمەش ببێتە هۆی کەمکردنەوەی ترس و دڵەڕاوکێیان.



# "ئایا ئەتوانی..."



ئەتوانی باز، باز، باز وەك كەروێشك بدەیت؟



ئەتوانی باز، باز، باز وەك بۆق بدەیت؟



ئەتوانی برۆی، برۆی، برۆی وەك مریشك؟



ئەتوانی برۆی، برۆی، برۆی وەك پشیلە؟



ئەتوانی بفڕی بفڕی بفڕی وەك باڵندە؟



بەڵام ئەتوانی دانیشیت و ببیتە منداڵێكی هێمن؟

## "درەختێك لەنێو بادا"

بوەستە و وا خۆ دەرخە کە قاچەکانت ڕەگی درەختێکن،
باڵەکانت بەرزبکەرەوە تاوەکو ببنە لقەکانی درەختەکە.

لەسەر یەك قاچ بوەستە و چاو ببڕە یەك خاڵ.

بەو جۆرە بمێنەرەوە بۆ ماوەی چەند چرکەیەك و پاشان ئەو
قاچە بگۆڕە کە لەسەری وەستاویت.



پێکانت لەسەر زەوی دابنێ و دەست بکە بە
لارکردنەوە بەم لاو لادا وەك ئەوەی با کە بەئەملاو
لادا بتخات.

قاچەکانت مەجوڵێنە، ئەوان ئەو ڕەگەن کەلەسەر
زەوی ئەتهێڵننەوە.

پێشبینی بکە کە تۆ درەختێکی کاتێ بایەکی قایم
هەڵدەکات، نەرم وپتەو بە لەهەمان کاتدا وەك
دەرختێکی بەهێز بەرامبەر گەردەلولێك
دەوەستێتەوە.

# "پێشەوا دەڵێت"

کەسێك وەك پێشەوا دابنێ و بابەرپرسیارێتی سەرکردایەتی هەموو کەسەکان وەرگرێت (باشترە وایە ئەو رۆڵە کەسێکی گەورە ببینێت لەسەرەتاوە).

پێشەوا لەپێش هەموو یاریزانەکان دەوستێت و ئاراستەیان دەکات بە ئەنجامدانی هەندێ جوڵەی جەستەیی (وەك بازدان وەك بۆق و راگرتنی هاوسەنگی جەستە لەسەر قاچ و باڵێك و بوون بە پرد و رۆشتن وەك مەیمون...).

پێویستە لەسەر یاریزانەکان تەنها ئەوەی پێشەوا دەیڵێت ئەنجامی بدەن، گەر بەرپرسەکە رستەی "پێشەوا دەڵێت" ی ووت پێش ئەوەی فەرمان دەربکات.

گەر یاریزانێك پێش ئەوەی گوێی لە رستەی "پێشەوا دەڵێت" بوو و فەرمانێکی ئەنجامدا ئەوکات ئەو یاریزانە دەردەکرێت لەیارییەکە.

خۆراگرترین یاریزان تاکۆتایی براوەیە.





# "من کێم؟"

هەر یاریزانێك کەسایەتیەکی کارتۆنی وێنا دەکات
یان شتێك یان ئاژەڵێك یان کەسێکی بەناوبانگ لەسەر پارچە
کاغەزێك ولەسەر پشتی یاریزانێکی تر چەسپی دەکات کە لە
پاڵیدا دانیشتووە بەشێوەیەك کە وێنەکە نەبینێت.


یاریزانی یەکەم کە پارچە کاغەزەکە لەسەر
پشتی چەسپاوە چەند پرسیارێك دەکات لە ئەندامانی گروپەکە
بۆ ئەوەی بزانن ئەو وێنەیە لەسەر کاغەزەکەیە چییە و هەڵی
بهێنێن.

گەر یەکێك لە وەڵامەکان نەخێر بوو ئەو کات
یاریزانێکی تر وەڵام دەداتەوە و هەروەها بەردەوام ئەبێت
بەهەمان رێگە، و براوە ئەوە کەسە دەبێت کە وەڵامەکەی
راست دەبێت.









# "من چیرۆکێکت بۆ دەگێڕمەوە"

یاریزانی یەکەم ووشەیەك دەڵێت.

پێویستە لەسەر یاریزانی دوای ئەو ووتنەوەی هەموو ووشەکان و ووشەیەکی تازەشی بۆ زیاد بکات بەم شێوەیە تا کۆتایی...

بەم رێگەیە چیرۆکێکی چێژ بەخش وناوازە ئامادە دەکەیت.



# چالاکییە داهێنراوەکان

ئەم چالاکییانە هانی گەشەکردنی هزر و سۆز دەدەن.
و هاوکاری بەشداریکردنی هەموو ئەندامانی خێزان دەدەن گەر بۆ چەند رۆژێکیش بێت. با خەیالت کار بکات و چێژ وەرگرە.




# "شانۆگەری بوکەڵەکان"

ئەتوانی شانۆگەریەك ئەنجام بدەیت بەو چیرۆکەی کەخۆت حەزت لێیەتی یان ئەتوانی چیرۆکێکی تازە داهێنی.

ئەتوانی شانۆیەك دروست بکەیت بە کورسی و بەتانی.

بوکەڵەی تایبەت بەخۆت دروست بکە بە گۆرەوی و جلوبەرگی کۆن و مقەبا، تەنها داهێنەر بە.

ئەتوانی هاوڕێکانت یان ئەندامی خێزانەکەت بانگهێشت بکەیت بۆ قسەکردن لە رێی ڤیدیۆ و پێشکەشکردنی شانۆ بۆیان.



# "قەڵایەك دروست بکە"

هەموو ئەوەی پێویستت پێەتی چەند کورسیەك و چەند کاغەزێك و هەندێ بیرۆکە.

کاتێ لە بیناکە تەواو دەبیت، بوکەڵەکان بێنە و واز لەمناڵەکان بێنە تاوەکو چێژوەرگرن.

لەوانەیە حەز بکەن شەو لەناو قەڵاکە بخەون.



# "بوکەلەی تایبەت بەخۆت دروست بکە"

بوکەڵەی تایبەت بەخۆت دروست بکە لە رێی بەکارهێنانی
دەبەی نایلۆن و کاغەز و قوماش و گۆرەوی کۆن و مقەبا.

ئەتوانیت ماڵ بۆ بوکەڵەکان دروست بکەیت و ژێر
زەمین و ئۆتۆمبیڵ و فرۆکە و ئامێری مۆسیقا و رۆبۆتیشی تێدا
بێت...

بۆ زانینی زیاتر بیرۆکەی ئیلهام بەخش ئەتوانیت لە ئەنتەرنێت
یان یۆتیوب بگەڕێت.







## "منداڵەکەت فێری هەندێ بەهرەی نوێ بکە"

منداڵەکەت فێری چێشتلێنان یان چاکردنی هەندێ
کەلوپەلی ماڵەکە بکە.

ئەوان حەز بە پێشکەشکردنی یارمەتی و ئەنجامدانی
هەندێ کار دەکەن لەگەڵ ئەندامانی خێزان.



# "فیلمێك دروست بکە"

ئەتوانی دەقی فلیمێك بنوسیت و ئەو فیلیمە درەبهێنیت
بە بەکارهێنانی موبایلەکەت.

وتاوەکو زیاتر چێژ ببینیی ئەتوانی رێگای جیاواز
تاقیبکەیتەوە وەك تەکتیکی وەستانی جوڵە Stop Motion.

ئەتوانی لە ئەنترنێت بگەرێت و بچیتە سەر سایتی گوگڵ بۆ
بیرۆکەی زیاتر لەسەر چۆنێتی ئەنجامدانی ئەم تەکتیکە.

گەنمەشامی ئامادە بکە و چێژ لە فیلمەکەت ببینە.



ئەم بابەتە لەلایەن کۆمەڵەی مانگی سووری عێراق و خاچی سووری دانیمارکی کەهەڵجێنراوی بابەتێکی ترە و ئامادەکراوی سەنتەری زانستی دەروونی قەیرانەکانە سەر بە زانکۆی بیرگن و سەنتەری زەغریب بۆ چاودێری منداڵان و گەنجان و سەنتەری پاڵپشتی دەروونی سەر بە یەکێتی نێودەوڵەتی کۆمەڵەی خاچی سوور و مانگی سوور و خاچی سووری کەنەدی و خاچی سووری ئوسترالی  ئامادەکراوە.